

شه هيد عادل سه ليم ١٩٦٦/٧/٤ ناو پردان

**ئاماده كردنى شه مال عادل سليم**
2005-09-19
دانمارك

# بۆ مێژوو

## بەڕێز قادر ڕشید لە یادی (٢٧) ەمین ساڵڕ ۆژی شەهیدی نەمر( عادل سەلیم ) دەڵێ :ـَ

لە سەردەمی بەرەکەماندا لە گەل حیزبی بەعسدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بەعسیەکان لەبری پەیرەوکردنی بەندەکانی پەیمانی بەرە و جێبەجێکردنی کارو ئەرکەکانی بەرە لە کۆششێکی سیخوریی نهێنی و ئاشکرادا بوون بەسەر هاوڕێیانی حیزبمانەوە ، حیزبی شیوعی عێراق. هەروەها لە دانانی پلانێکی خوێناوییدا بوون بۆ لە ناوبردنی حیزب . ئاساییشی بەعس زۆر بەباشی دەستنیشانی کادیران و سەرکردەکانی حیزبیان کردبوو ، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئازاو بوێر بوون لە دەرپڕینی رەخنەو نارەزایی لە کردەوەکانی بەعسیەکان لەناو جەماوەردا . چیکڵدانەی بەعس تەنگ

بوو بۆ ڕەخنەو نارەزایی شیوعیەکانی هاوپەیمانی ، هەربۆیە لە دانانی نەخشە و پلانی داپلۆسینی خوێناوییدا بوون بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی کە گوایە سنوری سووریان شکاندووە ...
هەموو ئەندامانی لیستی حیزبی شیوعی عێراق لە ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن و نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی ، رۆژانە لە ژێر فشارو کۆنترۆڵی ئاساییشی بەعسدا بوون . ئەگەر بەرەیەک لە نێوان حیزبێکی دەسەلاتداری حوکمڕان و حیزبێکی بێدەسە ڵاتدا پێکبێت ، ئەبێ بەرژەوەندیەکانی نێوانیان چۆن پارسەنگ بکرێ ئەنجامەکەی چی ئەبێ لەکاتێکدا کە حیزبی باڵادەست و حوکمران بەر لە بەرەکە ، دەستی سوور بوویێت بەخوێنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی بێدەسە ڵاتی هاوپەیمان ..............
هاورێـیشەهید ، عادل سەلیم ، ئە مین عامی نە قل و مواسلات بوو لە ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی حوکمی زاتییدا و بەرپرسی لیستی حشع بوو لە بەرەکەماندا لەگەڵ بەعسدا ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع بوو ، یەکێک بوو لەو هاوڕێ چاونەترسانەیکە ڕەخنەی لە کردەوەکانی بەعس ئەگرت و لە هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەرێم و هەردوو ئەنجومەنەکەی حیزبدا ، زۆر بە توندی دژ بە هاوپەیمانێتی بەعس ئەدوا ........
لە کۆبوونەوەکانی بەرەشدا ، راستەوخۆ ڕەخنەی لە سیاسەتی سەرکێشی و دەسە ڵاتدارێتی یەکلایەنەی بەعس ئەگرت . لەپاش هەموو کۆبوونەوەیەکی بەرە ، هاورێ دڵزار ئەو مشتومرانەی شەهید عادلی بۆ ئەگێرایینەوە کە لە گەڵ نوێنەرانی بەعس دا ئەیووت لە دانیشتنەکانیدا و باسی ئەوەی ئەکرد کە چۆن هاوڕێ عادل بووە بە چقڵی چاویان .
زۆر جار بەعسیەکان وەک فشارێک بۆ سەر حیزبمان ، ناڕەزایی خۆیان لە هە ڵلوێستی هاورێی شەهید ڕائەگەیاند ، بێشەرمانە داوایان لە حیزب کرد کە لە جێی هاورێ عادل لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن دا برادەرێکی تر دابنێن هەروەها هاوڕێ حاجی مەلا سەعید لە ئەنجومەنی یاسادانان بە ناڕەوا دەربکەن لە بە ر ئە وە ی لە کۆبونە وە ی ئە نجومە ندا داوایکرد (ئا کرێ) بخرێتە سە ر ناوچە ی حوکمی زاتی ، بەداخەوە حیزب بێدەنگ بوو لە و ناڕە واییە !.
ئەو سەردەمە حیزب ئەو دەسەڵاتە جەماوەریی و حیزبی و بەرەییەی بەو شێوەیە بە دەستەوە نەمابوو کە بتوانێت بەرامبەر بە فشارەکانی بەعس خۆی ڕابگرێت ، لەسەر داوای بەعسیش چالاکی رێکخراوە جەماوەرییەکانمان وەستاند ، بێ پشتیوان مابووینەوە ...........
بۆ دانانی لیستی حیزب لە خولی دووەمی هەردوو ئەنجومەنەکەدا ، بەعس داواکەی دووبارە کردەوە کە نابێت هاورێ عادل سەلیم لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن دا بمێنێت و ئەبێ بیگۆڕن بە برادەرێکی تر ، بە مەرجێک ئەو برادەرەش ئەبێ جێی ڕەزامەندیی خۆیان بێت حیزب هاورێ ئەحمەد حامیدی لە جێگای ئەو دانا ، هەر چەندە بەعس بەو گۆرانکارییەش خۆشحال نەبوو ، بەڵام ئەو هەڵوێستەی حیزب پاشگەزبوونەوەیەک بوو لە هەلوێستی پێشووی لە لابردنی هاورێ عادل دا ، لەگەل ئەوەشدا ئەم هەلوێستە نەرم و نیانەی حیزب نەبووە سنورێک بۆ ڕاگرتنی شاڵاو و سیاسەتی دەستتێوەردانی بەعس لەکاروباری ناوخۆیی حیزبدا ، بەو گۆرانکارییەش ڕکوکینەی بەعس دژ بە هەڵوێستی هاوڕێ عادل سەلیم کۆتایی نەهات ........
بەعس کەوتە دانانی پلانی لەناوبردنی ، لەرێگای جێگرەکەیەوە ( عەبدوڵا خەلیل ) کە دۆستێکی نزیک و ئەلقە لەگوێی سەدام حوسەینی تاوانباربوو .
بەعس بۆ سیخوریی بەسەر هاورێ عادل وە داینابوو . لەو رێگەیەوە بەعسیەکان ئەیانزانی کە هاورێ عادل سەلیم کەسێکی خۆشەویست و رێزدارە لە ریزی قاعیدەی حیزبەکەیدا و لە ناو جەماوەردا بە سەرکردەیەکی خاوێن و دەسپاک و چاونەترس و خاوەن هەڵوێست ناسراوە لە ئاستی بەرژەوەندەکانی گەلەکەی و دەربرینی ناڕەزایی لە ڕەفتارەکانی بەعس ، لە کۆبونەوەکانی لیژنەی هەرێمدا زۆر بە زەقی سکاڵا و نیگەرانی خۆی دەردەبری لە سیاسەتی بەرەیی حیزبمان . لە سەر داوای بەعس بۆ کارو ئەرکی بەرەیی هاوڕێ عادل سەلیم و هاورێ ئەبو حیکمەت ئەچن بۆ بارەگای مونەزەمە لە هەولێر ، لە گەرانەوە بۆ بارەگای هەرێمی کوردستان ، هاورێ عادل باسی دانیشتنەکەی بۆ ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەرێم و ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە گێرایەوە و وتی هەرگیز هەست ناکەم ئەم بەعسیانە دۆستی ئێمەو دڵسۆزی ئەم میللەتەمان بن هەروەها وتی لە مونەزەمە قاوەیەکی زۆر تاڵیان بۆ دانام ......

ئیتر لای هەندێ لە هاورێ یان گومان خرایە سەر ئەو قاوەیە و ئەگەری ژەهراوی بوونی . دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ بەعسییەکاندا لە هەولێر ، لەگەڵ هاورێ ئەبو حیکمەت دووبارە بە ئەرکی لیژنەی باڵای بەرە بەرەو کەرکووک کەوتنە رێ ، لە پاش کۆبوونەوەکەیان هەر دووکیان ئەگەرێنەوە .
لە رێگا هاورێ عادل سەلیم لە ناکاوێکدا لە ئوتومبیلەکەدا توشی ئازارێکی کوشندە ئەبێت و ئەوەندەی پێناچێت کە فریای نەخۆشخانە بخرێت ،دەڵ گەورەکەی لە لێدان ئەوەستێت ، ئەو دکتۆرانەی کە سەربەرژێمی بەعس بوون ، لە راپۆرتەکەیاندا رایانگەیاند کە نەخۆشی دڵ هۆی مردنەکەی بووە . لەبەر ئەوەی دۆکومێنتێکی ئەووتۆ بەدەست حیزبەوە نەبوو کە هۆی شەهیدبوونی بزانرێ ، کە دەرمان خوارد کراوە یان نا ، ئەبو حیکمەتیش هیچ تێبییەکی نەبوو ، لەوە زیاتر کە مردنەکەی هاورێ عادل سروشتیی بووە ئیتر بەدواچوونی ئەو زیانە دڵتەزێنە لە حیزب شاردی تێکەوت ، جەماوەری شاری هەولێر و دەوروبەری بە کەسوکارو دۆست و هاورێ کانیەوە بە خەم و
پەژارەیەکی زۆرەوە تەرمی خوالێخۆشبوویان لە رۆژ ی١٢ / ٩ / ١٩٧٨ دا لە هەولێر بەخاک سپارد حیزبی بەعس و رژێمەکەی هەستیان بەوە کردبوو کە هەزاران رۆلەی تری چاونەترس و داخلەدڵی وەک هاورێ عادل سەلیم لە ریزی حیزبی شیوعی عێراقدا ماون و ئەبێ لەناوببرێن .
ئیتر هەر لەدوای ئەو تاوانە جەرگبرەوە شاڵاوی قڕکردنی رێکخراوەکانی حیزبی شیوعی لە کوردستان دا ، لە لایەن بەعسی هاوپەیمانە وە ، بەئاشکرا دەستی پێکرد . دەربارەی قارەمانێتی هاورێ عادل و دوربینی لە سیاسەتدا و بێزاری لە بەرەکەمان لەگەڵ بەعسدا ، هاورێ ( مەلا شکور ناسراو بە مام فەتاح) ئەندامی لیژنەی محەلی کەرکووکی حشع لەو سەردەمەدا پێی وتم :-(( لە بارەگای حشع لە کەرکووک ، چاوم بە هاورێ عادل سەلیم کەوت ئەندامی لیژنەی باڵای بە رە بوو ، تازە لەگەڵ ئەبو حیکمەت لە کۆبوونەوەی بەرە گەڕابوونەوە . پێم وت:- ئەمە کەی بەرەی پێ ئەڵێن ، کەی بەرە ڕەوایە لەگەڵ بەعسدا ئەوەتا پەیامی لەناوبردنمانیان ڕاگەیاندووە لەم هەفتەیەدا زیاتر لە (107 ) هاورێمانیان ناچارکردوون وپاکانەیان پێکردوون وازیان لە حیزب هێناوە ، ماڵ بە ماڵ بە دوای هاورێ یانماندا ئەگەرێن کە سەریان پێشۆر بکەن ......داوی منیش ئەکەن بچم بۆ مونەزەمە ، ئێوە رەئتان چیە ؟
(عەبدولخالق زەنگەنە) سکرتێری رێکخراوی کەرکووک پێم ئەڵێت بچۆ خۆ تۆ لەو هاورێیانەی تر زیاتر نیت ، ئەزانم کە رۆیشتن بۆ مونەزەمە ئاسانە بەلام گەرانەوە لەوێوە ، یان بە مردووییە ، یان بە سەرشۆریی و کەنەفتەیی ، هاورێ عادل سەلیم بە قسەکانم و گێرانەوەی بەسەرهاتی هاورێیانمان ، زۆر نارەحەت بوو ، بایەخێکی زۆری بە باسەکە دا ووتی : ((مەچۆ بۆ مونەزەمە ، پاش چەند چرکەیەک وتی ئەتوانیت خۆت بشاریتەوە و لەبەرچاو نەمینێیت ))..........
وتم بەلێ ئەتوانم و ئامادەشم ، (وتی باشە کە گەڕامەوە بۆ هەولێر نامەت بۆ ئەنێرم )
ئیتر هەر دووکیان گەڕانەوە بۆ هەولێر ، دوو ڕۆژ چاوەرێم کرد و هیچ وەڵامێکم بە دەست نەگەیشت ، بەعسیش بارەگای کەرکووکی تەنگەتاو کردبوو ، داوای منیشیان ئەکرد ، موختارەکەی گەرەکەکەمان دراوسێمان بوو ، پیاوێکی باش بوو ، هاتە لام وتی ئەمنەکان بەدواتا ئەگەرێن ، خۆت بشارەوە ، بە عەبدولخالقم وت خۆم ئەشارمەوە ، بۆ کوێ بچم ؟ بەتەوسەوە وتی یرۆ بۆ لای ئەو کەسەی کە وەعدی پێدایت ...............
هەر دوابەدوای ئەو وەلامە رۆیشتم بۆ هەولێر ، لە بارەگای چۆڵ و هۆڵی هەرێم ، پرسیاری هاورێ عادل سەلیمم کرد ، وتیان هەر دوێنێ لە گەڕانەوەیدا لە کەرکووک لە رێگا لەناو ئوتومبیلەکەیدا کۆچی دوایی کرد ، ئەو هەواڵە جەرگیر بوو ، بەسەرهاتی وام بە بیردا نەئەهات ، ئەو مردنە کتوپرییە بەلاوە جێی سەرسورمان بوو ، خۆ کاتی لە بارەگای کەرکووک مالئاوایی لێکردین و سواری ئوتمبیلەکەی بوو نەخۆش نەبوو .......
ماڵەکەیان پیشاندام و چاوم بە خوشکە فەتحییەی هاوسەری کەوت ، خە ڵکەکە پەشۆکابوون ، سەرەخۆشیم لێکردن ، ئیتر هەرجۆنێک بێت ئەبو حیکمەتم دۆزییەوە ، پێم ووت چۆن بەو کتوپرییە هاورێ عادل لە ناو چوو پێی وتم قسەکانی تۆ لەناوی برد ، لەناو ئۆتمبیلەکەدا مەرگەساتاتی هاورێ یانی ئەوتەوە کە بەعس چی پێکردوون
مام فەتاح ئەڵێت ئەبو حیکمەت پێی وتم لێرە بمێنەوە و خۆت مەدە بە دەستەوە ، ئێمە ئاگادارت ئەکەین چی بکەیت

هەر چەند رۆژێک و لە مالی هاورێیەک بووم ، هەندێکیان ئەترسان لە داڵدەدانم ، پاش ماوەیەک لە خۆشاردنەوە و ناچاری بێجێگەو رێگەییدا ڕۆیشتم بۆ سلێمانی و لەوێوە ڕێگەی شاخم گرتە بەر ))

ئەم باسەی مام فەتاح هەلوێستی نارەزایی هاورێ عادل سەلیم دەرئەخات لەبەرەکەی بەعسی مرۆڤکوژ و تا چ سنورێکیش خە مخۆری هاورێکانی بووە ..........

هێشتا چلەی شەهید عادل تەواو نەبووبوو ، مونەزەمەی بەعس کردیە سەر خێزان و منالە وردیلەکانی و لە ماوەی سی رۆژدا بەزەبری پۆلیس لەو خانووەی تیایدا ئەژیان دەریان کردن ، ئەمەشیان بۆ سوکایەتی و ترساندنی حیزبمان بوو .........

ئەبووایە ئەو هاورێیانەیلە خوالێخۆشبووەوە نزیک بوون ، لە بیرەوەرییەکانیاندا و لە نووسینەکانیاندا بە واقیعیانە و بەویژدانەوە باسی ئەو بەسەرهاتە دڵ تەزێنەیشەهید عادل سلیمی هاورێیان بکردایە ، چونکە ئەو بەسەرهاتانە بەشێکن لە مێژووی حیزب و گەل و نابەرەکەمان لەۆک تایی دا دەمەوێ بلێم دڵنیام لەوەی ئەگەر هاورێ عادل سەلیم لە ژیاندا بمایە ، ئەو چەکانەی بەعسی لەناوچوو پێی دابوین لە بارەگای محەلی هەولێر کە کەڵەکەکرابوون لەگەڵ چەکەکانی خۆی وەک وەزیرێک ، ئازایانە دەیگەیاندنە هاورێیانی لە شاخ ،هەرچەند لە پاش خۆشی هاوسەرەکەی چەکەکانی شەهیدی تەسلیم نەکردەوە و دڵسۆزانە گەیاندییە شاخ . بەداخ و حەسرەتێکی زۆرەوە لە پاش شەهید بوونی هاوڕێ عادل، ئەو هەموو چەکەقورس و سوک و تەقەمەنیە زۆرە لە زیلی عەسکەری بار کراو درایەوە بە بە عس ، هاورێیانیشمان لەشاخ بەگۆچانەوە ئەسورانەوە ، لەوەش ناسۆرتر ئەوهاورێیانەمان کە مابوونەوە ونەگیرابوون لەئەنجومەنی یاسادانان ئەوانیش چەکەکانیان تەسلیم بەبەعس کردەوەو بەدەستی بەتاڵ روویان کردە شاخ تەنیا دووانیان نەبێت کە دەمانجەو کلاشینکۆفی بەعسیان لەگەڵ خۆیاندا بردە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی،ئەم دووانەش (مەحمودی فەقێ خدرو قادر ڕشید) بوون ، بەنیگەرانیەوە ئە ڵێم سەرکردایەتی حیزب هیچ لۆمەیەک و لێپرسینەوەیەکی لەگەل نەکردن لەسەرتەسلیم کردنەوەی ئەو چەکانە بە دوزمنی سە ر سە ختی گە ل و نیشتمانە کە مان... ...

ئەوە ندە ماوە بلێم بەرزو باڵا بێت یادی ( ٢٧ ) ە مین ساڵڕۆژی شەهیدی نەمر عادل سلیم ادتیشاد و هەر نەمر بیت ئەی هاورێــی نە ترس و قارەمان .................

**زۆر بە کورتی** :-

* ئەو پەندەی باپیرانمان چەندە جوانە کە دەلێ :-(( گەر ترسای قسەمەکە ، ئەگەر قسەشت کرد مەترسە. منیش قسەم هەڵبژارد ، هەرچی ترسیشە تا ئێستا نەمناسیوەو دواتریش نایناسم ))

ها ورێ قادر ڕشید ..... کادرێیکیەیـیکـارێکـر و زیاتر لە 55 سالە لە ریزی حیزبی شیوعي یراقیێع بە بە ردە وامی خە بات دە کات و هە زاران کاریپڕ مە ترسی جیبە یج کردو و هە زاران تالی و ناۆخشیی وگـرتن و دوورخستنە وە و سە رگەردانیی و مالویرانیی چیشتوە، تا ئیستاکە ش سە رباری تە مە ن و پیری هە ر بە ردە وامە لە خە بات و تیکۆشان و بە ئازارە وە باس لە قە یران و کارە ساتە ناوخۆییە کان دە کات کە بمانە وئ یان نە مانە وئ کارە ساتەو روی داوە دە بئ دە رسو پەندیان لئ وە رگیریت باسکردنیشیان سوودی هە یە نە ك زیان .....

. لە کتابی پشتاشان لە وانیێن ئازارو بیدەنگیدا زۆر بە بویرانە باس لە هۆیە کانی کورد کوژی وخودی کارە ساتە کە دە کات و راستیە کان بە دە رخات و هە روە ك بە ریزی دە ێل:- (( من باس لە و کارە ساتانە دە کە م کە هە میشە بە کپیو بیدەنگی ئازارم دە دە ن )).....

- خۆزیا ئه م بابه ته گرنگه ببیته مایه ی به دواچوون و لیپرسینه وه هه لسه نگاندن نـه‌ی‌ل‌ۆک‌ێ‌ل وه ....... ۆب ئــه و ه‌ی‌راستی‌و به سه رهاته کان بخرینه به رده م جه ماوه ر و ئه ندام و لا یه‌نگرای‌ن حزبـه کـان ..... به سه با چی‌دی راستی به سه رها ته کان فه رامۆش نه کرین ..... به سه با برینه ته ره کانمان قه تماغه بکه ن .....
- ده ستخۆشی له به ریز قادر رشید ده که م و ده لیم ... ئه م باسانه حیزبی پێ ده وله مه ند و به هیزتر ده بیت .... ها وار و سووتانت له دلسۆ زی ئاوات و ئامانجه کانته .... و وه فاییه بۆ خوینی شه هیده سه ربه رزه کانمان ....
- به لێ ها ورێ قادر ..... زۆر گرنگه که مرۆڤ ئازاد و بویربیت و بتوانیت راوو بۆچوونه کاني خۆی ده ربېریت و له کاره سه قه ت و ته رسه کانیش ره خنه بگریت ....

الجمهورية العراقية

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان
الأمانة العامة
لأدارة النقل والمواصلات
مديرية الشؤون الأدارية والمالية
– ( الأدارة والذاتية ) –

العدد / ١٩٢١/١
التاريخ / ٦/ ١١/ ١٩٧٧

أمر تنفيذي رقم / ٥٦٦

أستنادا" للمرسوم الجمهوري المرقم ٦٤٦ والمؤرخ في ٢ / ١١ / ١٩٧٧ الخاص بتشكيل المجلس التنفيذي الثاني .

١ – تعتبر عضوية السيد عادل سليم عضو المجلس التنفيذي الأول أمين عام أدارة النقل والمواصلات منتهية أعتبارا" من تاريخ صدور المرسوم أعلاه .

٢ – أنفك الموما اليه بتاريخ ١٩٧٧/١١/٥ بعد الظهر .

عادل سليم
الأمين العام لأدارة النقل والمواصلات

صورة منه الى /–

مجلس قيادة الثورة / اللجنة العليا لشؤون الشمال / للتفضل بالأطلاع مع التقدير
وزارة الدولة لشؤون التنسيق مع هيئات الحكم الذاتي
رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان / للتفضل بالعلم مع التقدير
مديرية التقاعد العامة
مديرية الشؤون الأدارية والمالية
قسم الأدارة والذاتية
قسم الحسابات / ٢
الأضبارة الشخصية
الأضبارة الخاصة
الأضبارة العامة //......

به مه رسومي جمهورى ژماره 646 عادل سه ليم له كاره كه ى لادرا جونكه به عس له ره خنه و رووبه روو بونه وه ى رازى نه بوو ... ئه مه وه ك هه‌نگاوى يه كه م و دواتريش له هه ليكى زيرن توانيان ناجواميرانه شه هيدى بكه ن ...